

مەلا ڕەحمان وەحیدی

## ئەوپیاوانەی ناسنامەی شار بوون

نووسینی: ناسر وەحیدی

مەلا ڕەحمان وەحیدی ناسراو بە بانگبێژ( موئەزین) کوڕی حاجی مەلاساڵەی سەدراباتی، کوڕی حاجی مەلا محەمەد خەلیفەی نستان، کوڕی مەلاعەوڵڵا، کوڕی مەلا حەسەن، کوڕی مەلاهەباس، کوڕی مەلاقاسمە. لە دایکەوە کوڕی سەیزادە خەجیج پوری شێخ

عەبدولکریمی نوورانی زەمبیل، خوشکی سەید عەبدولڕەحمان، کچی سی محەمەد نەوەی مەلا سەی ڕەحمان مەشهوور بە باوەشێخی بلنکەیە.

بەپێی ناسنامەکەی لە ساڵی١٢٧٩ لە گوندی سەدرابات لە دایک بووە باوکی خۆی نەدیتووە. ناسنامەکەی لە تورجان وەرگیراوە کە سەر بەشاری سەقزە. پیاوێکی زۆر ڕووخۆش و دەنگخۆش وسوحبەتچی بووە. لەگەڵ پیر، پیر و لەگەڵ لاو، لاو و لەگەڵ منداڵ، منداڵ بوو. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق و شەڕە لاتاو وناونیتکە لێدانی یەکتری، ڕۆژێک لە خزمەت حاجی ئیمامی مامم و باوکم بەکۆڵانێکدا دەڕۆیشتین. منداڵ لەو کۆڵانە تۆپێنیان دەکرد، بە دیتنی مامم تێکڕا کوتیان ئەوەتا خومەینی ئەوەتا خومەینی. باوکیشم خێرا کوتی:" ئەوە خومەینییە، ئەمنیش گوربە نەڕەم." ئەو ناوە تەلەویزیۆنی عێراق لەسەر مونتەزیری جێگری خومەینی نابوو. مامم لێی تووڕە بوو دەنگی دەدا کە بێدەنگ بێ، بەڵام ئەو بەپێکەنینەوە هەر دووپاتی دەکردەوە.

پێش مەلایەتیی لە خیابانی کۆنەی ئێستا کە ئەوکات شەقامی سەرکی بۆکان بوو قاوەخانەی بووە، خەڵکێکی زۆر لەبەر قسەخۆشەکانی ڕوویان لە قاوەخانەکەی

کردووە. ڕۆژێک ڕەحمەتی کاک ئەحمەدی دەرمانگا(وەیسی) دەچێتە قاوەخانەکەی دەڵێ: "مەلاڕەحمان لەو ڕۆژانەدا چوومەتە تەورێز گڕامافوونێکم کڕیوە بابەتی ئەم قاوەخانەیەی تۆیە، چەند سەفحەشی لەگەڵە." کوتوویە پازدە تمەنی پێداوە هەر بە مایەکەی خۆی دەیداتەوە. پێکەوە دەچنە ماڵی کاک ئەحمەد بۆ دیتنی گڕامافوون. کاتێک باوکم گڕامافوونەکە دەبینێ کە شەیپوورێکی زلی هەیە بەکاک ئەحمەد دەڵێ:" ئەحمەد زۆر باشە دەمەوێ، پوولەکەشت دەدەمەوە. بەڵام من هەر شەیپوورەکەیم دەوێ، ئەوی دیکەی بۆ خۆت." کاک ئەحمەد دەڵێ:" مەلاڕەحمان ئەوەت بەتەنیا بۆچییە؟. بابم دەڵێ:"ئەحمەد ئەوە بابەتی کاسەی مەباله".

زۆرجار دەی گێڕاوە لەگەڵ کاک حەسەن ڕوشەنفکر و حسێنی خات سافیە لە حەمامی کۆنە گەڕەلاوێژەیان کردووە و جەماعەتێکی زۆریان لێ کۆ بۆتەوە. جارێک گێڕایەوە کە سەی عەلی ئەزغەر هاتۆتە قاوەخانەکەی چایی خواردۆتەوە و گوێی لە دەنگی گرتووە. بابم دەنگێکی تیژ و نەرمی بوو، لە شێوەی سەی عەلی ئەزغەر گۆرانی دەکوت.

پاش ئەوەی حاجی ئیمامی مامم دوای مەلاحیسامەدینی شەفیعی دەبێتە ئیمام جومعەی بۆکان، مەلا ڕەحمان دەکا

به پێش نوێژ و بانگبێژی مزگەوتی جامیعە. خەڵکی ئاواییەکانی کۆستە، حەسار، کولتەپە و عەلیابات بە دەنگی سەڵا و موناجاتی ئەو لەخەو هەڵدەستان بۆ نوێژ وپارشێو لە مانگی ڕەمەزان. ڕۆژانی جومعەش بە دەنگی ئەو جەماعەت لە مزگەوتی جامیعە لە تەنیشت مەیخانەی فەتحی کۆ دەبوونە. نێو مزگەوت پڕ دەبوو و سەربانی مزگەوت و دەور و بەری حەوزەگەورەش پڕ دەبوو لە نوێژخوێن.

باوکم عادەتی وا بوو هەرکەسێک میوانم بووایە پێی خۆش بوو بزانێ کێیە، دەهات بەخێرهاتنی دەکرد. لە کاتی چلەی زیندەیاد مامۆستا هێمنی نەمر چوار میوانم لەسنەوە بۆهات، یەکیان سەی جەمیل تەوانایی بوو کەپێشتر دۆستایەتیم لەگەڵی هەبوو. ئەوانی دیکەم نەدەناسی. باوکم هاتە ژوورەکە پاش بەخێر هێنانی میوانەکان کوتی:"دەتوانم بپرسم ئێوە چ کارەن؟"سەی جەمیل کوتی:" من وەرزشکارم، هەڵدێم." یەکیان بیهروز سڵاواتی بوو کوتی:" من وەک شوکرڵڵا بابان دیکڵەمەی شێعر دەکەم. " یەکیان کوتی من هیدات مەزهەرم لە مەیدانی شۆڕشی سنە هوتێلمان هەیە. ئەوەی ئاخر کوتی:"من یەدوڵڵا محەمەدیم گۆرانی بێژم."باوکم کوتی دەی گۆرانیەک بۆ مامی خۆت بڵێ بزانم. یەدوڵڵا لە شەرمان سوور وسپی هەڵگڕا، لە

ڕووی هەڵنەهات گۆرانی بڵێ. باوکم دەستی خستە بناگوێی کورتێیەکی بۆ کوتین. هەرچواریان دەمیان بەتاق وێستا بوو لایان سەیر بوو مەلا گۆرانی بڵێ. کاک بیهروز دەی کوت مامۆستا شیعرکان لە سەی ئەسغەر فەسیحتر دەڵێ. گوێگر زۆر جوان لە شێعرەکانی حاڵی دەبێ. باوکم هۆگریەکی تایبەتی بە زەبتی دەنگ هەبوو، زوو زوو زەبتی چاکی دەکڕی. ئەگەر کەیفی ساز بووایە گۆرانی دەکوت و منیش زەبتم دەکرد. من پێشتر چەند گۆرانیەکی وەک کورتێ، ئەی ڕەفیقانی تەریقەت و چەند گۆرانیەکم زەبت کردبوو. داوایان لێ کردم نەواری لێ پڕ کەنەوە، نەوارەکەمان بردە لای کەسێکی ئاشنا نەواری بۆ ئەوان پڕ کردەوە، بەداخەوە نەوارەکەی خۆم سەری تێداچوو. باوکم لە ڕێکەوتی١٥/٦/١٣٧٥ لە تەمەنی٩٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هەرچەند من لام وایە ئەوە ڕاست نەبێ و لە کاتی خۆیدا ناسنامەیان بۆ وەر نەگرتووە. کوڕێک و حەوت کچ و گەلێک بیرەوەری خۆشی بۆ خەڵکی بۆکان بەجێ هێشت.

دۆستێکی نزیکی حاجی عەلی کڵاودروو بوو، زۆربەی دوانیوەڕۆیان پاش نوێژی عەسر دەچووە دووکانی حاجی عەلی. ڕۆژێک منیش لەخزمەتی دا بووم حاجی کەریمی مەردانبەگیش لەوێ بوو. حاجی عەلی لە نێو دوکانە چکۆلەکەیدا دانیشت بوو، باوکم و

حاجی کەریمیش لە دەرەوەی دووکان قونیان دابووە سەر تەختەیەی تەسک کەبۆ دانیشتن دانرابوو.

لەناکاو پیاوێک بەڕووت و قووتی لە مەیدانی کەرانەوە بەرەو خیابانی کۆنە بە هەڵاتن هاتە خوارێ، چەند کەسی بەشوێنەوە بوو. پەتێکی خستبوو هەرامەکەی لە دوو لاوە وەک هەوساری ئەسپ دەی کێشا، زوو زوو دەی کو:" موسافیر تاران بێتە سەرێ دەڕۆین! "  باوکم هەر خێرا کوتی:"حاجی عەلی، حاجی کەریم کەمەتان دەچن بۆ تاران؟ ئەو کابرایە برادەری منە، پێی بڵێم جێیەکتان لە پێشەوە بۆ دابنێ." لە کاتێک دا لەبەر پێکەنین هەموو سوور و شین هەڵگەڕا بووین، حاجی عەلی کوتی:" مامۆستا من دەچم بۆ بانە بووزو و مەرەز دێنم، حاجی کەریم دەچێ بۆ تاران فەڕش و مووکێت دێنێ. پێی بڵێی جێیەکی لەپێش پێشەوە بۆ ئەو دابنێ ". کابرا بەڕووتی هەڵدەهات، کچ و ژنی نێو بازاڕەکە چاویان گرتبوو وە قیژە قیژ کەوتبوون.